# لیدوانی ریبوار ئەحمەد

# سەبارەت بە هەلبژاردن

ماوەیەکە باسی هەلبژاردنی سەراسەری بۆ حکومەتی ئایندەی عیراق دەستی پیکردوەو بریارە لەسەرەتای سالی تازەدا ئەم پرۆسەی هەلبژاردنە بەریوەبچیت. بەلام لە نیو هەل‌ومەرجی ئالۆزکاو پرمەترسی‌و سەختی ئیستای عیراقدا هەموو جەماوەری خەلك بەرامان‌و گومانەوە دەروانن‌ە مەسەلەیە. لەم بارەیەوە بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی واقعیەتی ئیستا حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بەم جۆرە دەروانیتە ئەم مەسەلەیە:

بە بروای ئیمە تەنها پرۆسەیەك دەكری وەكو هەلبژاردنیكی ئازاد ناوببریت‌و تەنها كاتیك دەتوانێ رەنگدانەوەی بەشداری‌و دەخالەتی ئازادانەی خەلك بیت بۆ بریاردان لەسەر سیستەمی حوكمرانی كە ئەم مەرجانەی بە تەواوی دابین كردبیت.

1/ مسۆگەر كردنی ئازادی بێ قەیدو شەرتی هەلسورانی سیاسی بۆ هەموو حیزب ولایەنە سیاسی وجەماوەریەكان لە سەراسەری وولاتدا، دەبێ هەموو لایەنەكان بە دور لە هیچ جۆرە زەخت وزۆر وریگیریەك بتوانن ئازادانە هەلسورانی سیاسی خۆیان لە سەرتاسەری وولاتدا بەرنە پیشەوە ولە كەش وهەوایەكی ئازاد وئەمندا خەلك لە ناوەرۆكی بەدیل وریگاچارەكانی خۆیان بگەیەنن.

2/ دەبێ هەموو لایەنەكان لە ئیمكانیەتی یەكسان بەهەرەمەندبن بۆ گەیاندنی دەنگی خۆیان بە خەلك، هەموو لایەنەكان بە یەكسانی دەستیان بە میدیاكان بگات.

3/ لانی كەم ماوەی 3 مانگ، بە فەراهەم كردنی ئەو هەل‌ومەرجانەی لە بەندی یەكەم ودووەمدا هاتوون، دەرفەت بدریت بۆ پروپاگەندەی هەلبژاردن بۆ ئەوەی پیش هەلبژاردن حیزب ولایەنەكان بتوانن تەرح وریگاچارەكانی خۆیان بە خەلك رابگەیەنن.

4/ دەبێ لە ئیستاوە بەرنامە وریێوشوینی ئەوە رابگەیەنرێ كە چۆن دەنگدانی ئازادانەی خەلك دور لە هەر جۆرە زەخت وزۆریك زامن دەكریت.

5/ دەبێ بەرنامە وشیوەی بەریوەچونی هەلبژاردنیكی پاك ودور لە هەر جۆرە دەست تیدەردان وتەزویریك هەر لە ئیستاوە روون بكریتەوەی، هەلبژاردن دەبێ لە ژیرچاودیری لایەنیكی نیونەتەوەیی بێ‌لایەن لە كیشمەكیشەكانی ئیستای عیراقدا، بەریوە بچیت.

6/ دەبێ هەلبژاردن لە هەل‌ومەرجیكی بە تەواوی ئەمندا بەریوە بچیت، بەجۆریك كە خەلك بەبێ ترس‌و نیگەرانی‌و بەبێ ئەوەی هەست بكەن ئەمنیەتیان دەكەویتە مەترسیەوە بتوانن بەشداری هەلبژاردن بكەن‌و لە پشتی صندوقەكانی دەنگادنەوە ریز ببەستن.

7/ لە عیراقدا كیشەیەكی سیاسی گەورەو خاوەن پیشینە هەیە، بە ناوی "كیشەی كورد"، یەكلابونەوەی ئەم كیشەیە، دوو ریگا زیاتری لە پیش نیە، یان جیابونەوە یان مانەوە لەگەل عیراق بە مەرجی زەمانەتی مافی یەكسانی خەلكی كوردستان لەگەل باقی دانیشتواندا. ئەم كیشەیە دەبێ پیش ئەوەی خەلك ببریتە بەردەم صندوقەكانی دەنگدا بۆ بریار لەسەر حكومەتی ئایندەی عیراق، لە ریگای راپرسی بە خەلكی كوردستانەوە یەكلابكریتەوە.

گومان لەوە نیە كە لە ئیستادا هیچ یەك لەو بەندانەی سەرەوە كە مەرجی بنەرتی بەریوەچونی هەلبژاردنیكێن كە بكرێ پێی بلێی هەلبژاردنی ئازاد، لە ئارادا نین. لە هەموو ئەو ناوچانەی كە تاقمە ئیسلامیەكان تیایدا بالادەستن بە تایبەت شارەكانی جنوبی عیراق، هەلسوراوانی سیاسی مخالفی خۆیان تیرۆر دەكەن وبە فتوا وەلامی ئەو كەسانە دەدەنەوە كە بیروبۆچونی مخالفی ئیسلامی بەیان دەكەن. تا ئیستا چەندین نمونەی لەم بابەتە راستەوخۆ لە دژی حیزبی ئیمە وهاوریانی ئیمە پیادەكراوە. لەمەش زیاتر بە زەبری ملیشیای چەكدار وتیرۆر وسەركوت بیروباوەر ونەریتی خۆیان بەسەر خەلكدا فەرز دەكەن، پیرەوانی دیانەتاكانی تر تیرۆر دەكەن. لە ناوچەی دەسەلاتی یەكیتی نیشتمانی كوردستان كە گۆشەیەكی بەرچاوی وولات دەگریتەوە، حیزبی ئیمە بە رەسمی قەدەغە راگەیەنراوە ورۆژانە هەلسورانمان سەركوت دەكریت، لەو ناوچەیە بلاوكراوەی سیاسی قەدەغە كراو هەیە وجۆرەها قەیدوبەند لەسەر هەلسورانی سیاسی دانراوە. هەل‌ومەرجیكی بەم جۆرە هیچ جۆرە ئازادیەكی سیاسی وبیروباوەری تیا نیێە.

داهاتی وولاتیش سەرجەم لە دەستی ئەحزاب ودام ودەزگای گوێ لە مستی ئەمریكادا ئنحصار كراوە، هەر لایەنیكی مخالف بەوان نە لە داهاتی وولات هیچ ئیمكانیكی بۆ دابین دەكریت ونە تەنانەت دەستی بە میدیای رەسمی دەگات. بەم جۆرە هەموو ئیمكانیەتیكی راگەیاندن لە دەستی دەستەو تاقمە ئیسلامی وقەومیەكانی سەر بە ئەمریكادا ئینحصار كراوە. لە سایەی هەل‌ومەرجیكی وادا هیچ ئیمكانیەتیك لەبەردەستی لایەنەكانەكانی تردا نیە تا تەرح‌و ریگاچارەی خۆیان بۆ خەلك رابگەیەنن.

هاوكات لە هەل‌ومەرجیكی بەم جۆرەدا خەلك نە دەتوانن بە شیوەیەكی ئاگاهانە ولەسەر بناغەی ئاشنایەتی‌وتیگەیشتن لە بەدیلی لایەنەكان دەنگبدەن ونە لە سایەی زەخت‌و زۆرو دەسەلاتی ملیشیاكاندا دەتوانن ئازادانە بەدیلی خۆیان هەلبژیرن. ئەمانەو دیاری نەبوونی چۆنیەتی پاراستنی پاكی ونەزاهەتی هەلبژاردنەكەو ئەو لایەنە نیونەتەوەییە بێ‌لایەنەی كە سەرپەرشتی راستەوخۆی هەلبژاردن دەكات ، هیچ مصداقیەتیك بۆ ئەو سیناریۆیە ناهیلیتەوە كە بە ناوی هەلبژاردنی ئازاد بەریوە دەچیت. نەتەوە یەكگرتوەكان كە بریارە سەرپەرشتی ئەم

هەلبژاردنە بكات، لە ماوەی یەك ساڵو نیوی رابردوودا وەكو تەرەفیكی بێلایەن دەخالەتی لە وەزعیەتی عیراق نەكردوە. بەڵكو هەر لەسەرەتاوە بە سپاردانی چارەنوسی كۆمەلگای عیراق بە ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی، وە بە دەخالەتی جانبدارانەی لە گشت پرۆسەكانی دواتردا، نیشانیداوە كە وەكو لایەنیكی بێلایەن دەخالەت ناكات، بەم پیەش صلاحیەتی ئەوەی نەماوە بە دەوری تەرەفیكی بێلایەنەوە دەركەوێ بۆ سەرپەرشتی هەلبژاردن بكات.

هەروەها هەلومەرجی نا ئەمنو سەختو دژواری ئیستای عیراق، بە هیچ جۆریك مجال بەوە نادات كە جەماوەری خەلك بە دلنیایی‌و بەبێ ترسو دلەراوكە بەشداری هەلبژاردن بكەن. لە هەلومەجیكدا كە هیچ كەس لە مالی خۆیشیدا هەست بە ئەمنیەت ناكات، لە كاتیكدا خەلك سل لەوە دەكاتەوە لە ریزی نان كرین راوەستێ، ناتوانن لە دەخالەت لە پرۆسەیەكی سیاسی بەم جۆرە بكەنو لە پشتی صندوقەكانی دەنگدانەوە ریز ببەستن.

سەرئەنجام لە بارەی كیشەی خەلكی كوردستانەوە كە تا ئیستا چارەنوسیان بە هەلواسراوی ماوەتەوە، بە تایبەت دوای لیدوانەكەی غازی یاوەر، ناكرێ ئیحلحاقی ئیجاری كوردستان بە عیراقەوە بە فەرز وەرگیرێو بەسەر ئەم مەسەلەیەدا بازبدریت. پیویستە پیش لە هەلبژاردن ریفراندۆمیكی ئازادانە بۆ راپرسی بە خەلكی كوردستان بكریت سەبارەت بەوەی كە دەیانەوێ لەگەل عیراق بمیننەوە یان جیابنەوەو دەولەتیكی سەربەخۆ پیكبهینن. ئەنجامی ئەم راپرسیە هەرچیەك بیت رەسمی‌و قانونیەو دەبێ پیادە بكریت.

هەموو ئەمانە كۆمەلیك پرسیاری گەورەو جدیان لای خەلكو ئیمەش پیكهیناوە سەربارەت بە چۆنیەتی چونەپیشەوەی ئەم پرۆسەیە. وەلامی ئەو پرسیارانەش دەبیتە بنەمای هەلویستگیری دروستو ئوصولی بە پێی بەرژەوەندی خەلك لە ئاست ئەم مەسەلەیەدا. حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری بە جەخت كردن لەسەر مەرجەكانی هەلبژاردنی ئازادو ئەو بنەمایانەی لەسەرەوە باسكران، ئەو لایەنانە بەرپرس دەكات كە لە پشتی ئەم پرۆژەی هەلبژاردنەوە راوەستاون، بۆ رۆشنكردنەوەی وەلامدانەوەی ئەو پرسیارانەو دابینكردنی ئەو مەرجانە. وەلامی گونجاو بۆ زامن كردنی ئەو مەرجانە ریگا دەكاتەوە بۆ بەشداری هەموو لایەك لە پرۆسەی هەلبژاردن وبەشداری جەماوەری خەلكیش لە دەنگدان، بە پیچەوانەوە بواریك بۆ ئەوانە نامینیتەوە.  ئیمەش وەكو لایەنیك كە نوینەرایەتی بەژەوەندی جەماوەری فراوانی خەلك دەكەین، لەسەر بناغەی وەلام بەم مەسەلانە دوا هەلویستی خۆمان لەسەر هەلبژاردن دیاری دەكەین.

*ریبوار احمد/ سكرتیری كۆیمتەی ناوەندی*

*حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق*

*2004/10/13*